www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05

# مەرگی تاقانەی دووەم و
# کێشەی زمان

یاسین بانیخیلانی

مەرگی تاقانەی دووەم رۆمانێکە لە نووسینی بەختیار عەلی یەو نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆلینەوەی کوردی لە سوید ساڵی ١٩٩٧ بە چاپی گەیاندووە.
ڤیشپووتن حەز دەکەم ئەوە روونبکەمەوە، کە رۆژێك لە رۆژان بیرم لەوەنەکردبووەوە لەسەر رۆمانی ناوبراو بنووسم، ئەگەرچی دوای خوێندنەوەشی تێبینی خۆم لە رووی تەکنیك و بەکارهێنانی فانتازیاوە لە رۆمان نووسیندا هەبووە! لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی زمانەوە رەخنەیەکی زۆرم لە کاك بەختیار هەیە نەك تەنها لە رۆمانی ناوبراودا بەڵکو لەسەرجەم نووسینەکانیدا، چونکە کاك بەختیار بە هیچ شێوەیەك بایەخ بە زمان نادات و بەشتێکی بێ بەهای دەزانێ و لای ئەو " **زمان جۆریکە لە دووركەوتنەوە لە حەقیقەت**" (رەهەند، ژ ١، ١٩٩٦ ل ٦٦، کۆمەڵگای پرسە، ب. عەلی) . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی نووسەر لە زماندا بۆیە بەو شێوە دەنوارێتە زمان و دەیەوێت لە ژێر پەردەی چەند قسەیەکی ناڵۆژیکی و دوور لە حەقیقەتدا لە زمان و یاساکانی هەڵبێت، وەك لەسەرەوە گووتم؛ دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی، هەر ئەم ناشارەزاییەشە بووە بەهۆی سەرلێشێوانی خوێنەر لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانیدا!. ئەو شتەش سەرنجی بۆ ئەم نووسینە راکێشام، ئەو نووسینانە بوون، کە لە بڵاوکراوەکانی وولات و دەرەوە لەسەر رۆمانی ناوبراو نووسراون، بەتایبەتی ئەوانەی لە رووی زمانی ئەو رۆمانەوە نووسیبوویان. من لەوە دڵنیام ئەو کەسانەی باسی جوانی زمانی ئەو رۆمانەیان کردووە، هەروەکو نووسەر لە زانستی زمان بێئاگان!. لەبەرئەوەی ئەگەر شارەزای زانستی زمان و دەستورەکانی رێزمان ببوایەن بازیان بەسەر ئەو هەموو هەڵە زمانەوانیانەدا نەدەدا و لە پەسن و پیاهەڵدانی کوێرانە دەکەوتن، کە ئەمەش خۆی بۆ خۆی دەبووە یارمەتییەکی گەورە بۆ نووسەر تا لە بەرهەمەکانی داهاتوویدا بتوانێت چارەسەریان بکات و دووبارەیان نەکاتەوە، چونکە ژیان بە بێ ئاخاوتن و گوێگرتن و خوێندنەوە و نووسین ناچێتە پێشەوە، کە ئەمانەش هەر چواریان زمان پێك دەهێنن. زمانیش وەك لای هەمووان ئاشکرایە هۆی سەرەکی تێگەیشتنی کەسەکانە بەرامبەر بەیەك، بۆیە دەکرێت لێرەدا بە کورتی پێناسەیەکی زمان بکەین و رۆڵەکانی بخەینە بەرباس.
**زمان**: ـ لە زمانی کوردیدا دوو واتای هەیە یەکەمیان: بەو پارچە گۆشتە بزۆزە دەگووترێت لەناو دەمدایە. دووەمیان: بەو شێوە ئاخاوتنە دەگووترێت، کە گەلێك یا نەتەوەیەك پێی دەئاخڤێت، ئەڵبەتە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەو شێوە ئاخاوتنەیە، کە لە کوردیدا بە زمان و لە ئینگلیزیدا بە (Language) و لە ئەڵمانیدا بە (Sprache) و لە عارەبیشدا بە (لغە) ناسراوە. جا هەر زمانێك لەم زمانانەو هەر زمانێکی زیندووی تری ئەم سەر زەوییەی ئێمە تێیدا دەژین بگرین دەبینین خاوەنی رێزمانی خۆیانن. رێزمان وەك مادەیەکی زانستی یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانناسی، کە ئەمەش کۆمەڵێ یاساو دەستوورە لە بارەی گۆڕینی وشە و چوونە پاڵ یەکدی وشە لە رستەدا. (رێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆژی، بەشی یەکەم، ناو، ١٩٧٩ بەغدا. د. ئەورەحمانی حاجی مارف)
رێزمان (Grammatika) وشەیەکی یۆنانیەو بۆ یەکەم جاریش یۆنانییەکان دایانهێنا، کە واتای (هونەری نووسین) دەگەیەنێ، ئامانجەکەشی ئەوەیە مرۆڤ فێری ڕاست نووسی دەکات لە رووی شێوازو رێنووسەوە.
کەواتە هەریەکێك لە ئێمە ئەگەر بمانەوێت بابەتێك لە هەر بوارێکدا بێت بنووسین، دەبێت یاساکانی رێزمان لەبەرچاو بگرین بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەی زمانەوە، چونکە کاتێك کەوتینە ناو هەڵەی زمانەوە دەکەوینە ناو هەڵەی مەبەست وماناشەوە، واتا خوێنەر یا تێناگات یا بە هەڵە تێیدەگات. پێم خۆشە لێرەدا نموونە لەبارەی کارتێکردنی بچوکترین هەڵەی رێنووسەوە لەسەر مانا بهێنمەوە. " دەتەوێت لە رێگەی نووسینەوە چیرۆکی پیاوێکی (کەر) بگێڕیتەوە" ئەگەر ئەو حەوتەی () ژێر (ر) مکە لەبیر بکەیت و بە بێبایەخی بزانیت دەبینیت تا کۆتایی چیرۆکەکە خوێنەر بە پیاوێکی (کەر) تێگەیشتووە. یا "**نا دڵەکەم من بەرەو پیریدەچووم**" (مەرگی تاقانەی دووەم ل ١٤) هەر کوردیزانێك ئەمە بخوێنێتەوە وا تێدەگات، کە بە تەمەنێك/ پیرێك سەرگوزشتەی خۆی ـ لە کاتێکدا بەرەو پیری رۆشتووە ـ بۆ یەکێکی تر دەگێڕێتەوە، بەڵام وانییە چونکە دوای ئەو رستەیە دەڵێت : "**دڵەکەم من بەرەو پیری ئەو ترسە دەچووم**" (سەرچاوەی پێشوو) . ئێستا تێدەگەین ئەو (پیری) یە

مەبەست پێشوازییە، بۆیە ڕاستتر وابوو نووسەر بنووسێت: **نا دڵەکەم من بەرەو پیریەوە یا پێشوازییەوە دەچووم".**

لە لایەکی ترەوە دەمەوێت ئەوەش بە خوێنەران بڵێم: کە ئەم نووسینەی من لێکۆڵینەوەیەك نییە لەسەر زمانی کوردی، چونکە کورد بەهۆی ڕەوشی ڕامیاری و نەبوونی وولاتێکی سەربەخۆوە نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتوو. تاکە مەبەستی ئێمەش لەم نووسینەدا شێوە دیالەکتیکی کرمانجی خوارووە (سۆرانی) ، کە ڕۆمانی ناوبراوی پێنووسراوە، بۆیە فەرامۆش کردنی دیالەکتیکەکانی تر (کرمانجی ژووروو، گۆرانی و لوڕی) نابێ بە چاوی ڕەخنەوە تەماشا بکرێت.

ڕیزمانی کوردی

وەك لەسەرەوە گووتمان: ڕێزمان زانستێکە باس لە هونەری نووسین دەکات، واتە پێکهاتنی وشەو ڕێکخستنی ڕستە، ئەم پێکهاتن و ڕێکخستنەش پەیامێك نییە لە ئاسمانەوە هاتبێت و چینێك یا نەتەوەیەك بە هی خۆی بزانێت، بەڵکو مولکی هەموو میللەتانەو، هەر میللەتەش بە تێپەڕبوونی چەندەها سەدە ئەوجا توانیوەتی ڕێزمانێکی زانستی بۆ زمانەکەی دابمەزرێنێت.

بۆیە هەرکەسێك بیەوێت بە زمانی کوردی بنووسێت دەبێت پابەندی یاساکانی ڕێزمانی کوردی بێت، بە تایبەتی ئەم بەشە گرنگانەی، کە لە نووسیندا زۆر پێویستن: (مۆرفۆلۆژی، لیکسیکۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، ئۆرتۆگرافی و سینتاکس) .

١. مۆرفۆلۆژی Morphology

زاراوەی مۆرفۆلۆژی وشەیەکی یۆنانییە، کە لە (Morphe ـ شێوە) و (logos ـ زانست) ەوە هاتووە، واتە بریتیە لە زانستی چۆنێتی پێکهاتن و گۆڕانی وشەکان.

٢. لێکسیکۆلۆژی Lexicology

لێکسیکۆلۆژی بریتییە لە زانستی ناسینی ئەو وشانەی لە زماندا بەکاردەهێنرێن. واتە لە داڕشتنی وشەکان و لێکدانەوەی بنەڕەتی ماناکانیان دەکۆڵێتەوە.

٣. فۆنۆلۆژی Phonology

فۆنۆلۆژیش زاراوەیەکی یۆنانییە لە (Phono دەنگ) و (Logos زانست) ەوە هاتووە، کە بەسەر یەکەوە مانای زانستی دەنگەکانی زمان و جۆری دەربڕینیان دەدات.

٤. ئۆرتۆگرافی Orthography

ئۆرتۆگرافی بە واتای زانستی نووسینی دەنگەکانی زمانە، کە ڕێنووس دەگرێتەوە.

٥. سینتاکس Syntaxis

سینتاکس ئەمیش وشەیەکی یۆنانییە و واتای دانان و ڕێکخستن دەدات، کە ئەمەش زیاتر زانستی یەکگرتنی وشە لە ئاخاوتن و ڕستەدا دەگرێتەوە.

لە سەرەوە بەکورتی بەشە گرنگەکانی ڕێزمانی کوردیمان خستە بەرچاو ئێستاش دەگەڕێینەوە لای ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) و بە خێرایی چاوێکی پێدا دەخشێنین بزانین تا چەنێك پابەند بووە بە یاساکانی ڕێزمانی کوردییەوە.

ڕستەی هەڵە:

* " <u>**داپیرەی هەموو ئەو پیاوە بەدبەختانەی لە چارەنووسیان نووسرابوو بە کارەساتی جۆراوجۆر بمرن**</u>" (م ت د، ل ١٠) . لە چارە نووسیان نووسرابوو (ڕابردووە) ، بمرن (فرمان) ە. بۆیە ڕاستییەکەی ئەوەیە: (... کە لە چارە نووسیان نووسرابوو دەبێت بە کارەساتی جۆراو جۆر بمرن) .

* " <u>**لاگیرەو لیرە ڕەشادیەکانی سەریشی کە تەنیا لە کاتی خەوتندا دایدەگرت**</u> " (م ت د، ل ١٠) . لاگیرەو لیرە ڕەشادییەکان (کۆ) ن، بەڵام دایدەگرت بۆ شتێکی تاکە و دەبوایەت بینووسیبا (دایدەگرتن) ، وە ڕەشادییەکانیش بە دوو (ی) دەنووسریت.

* "<u>**ڕەنگە لە ترسدا خۆشمووویستبێت**</u> " (م ت د، ل ١٤) . ڕاستییەکەی، (ڕەنگە لە ترساندا خۆشم ویستبێت) ە. (خۆشم ویستبێت) بەسەریەکەوە نانووسرێت و (ویستبێت) یش بە یەك (و) دەنووسریت.

* " <u>**کورە گەورەکەی دەنارد، منداڵی توردراو و هەتیوی فڕێدراوی دارستان و سەرقەبران و سەرمنوێلکەکان هەڵگرنەوە و بە خێویانبکات**</u> " (م ت د، ل ١٧) . لێرەدا ئەگەر سەیری (دەنارد) بکەین هەڵوێستەیەکی تێدایە بۆ چاوەنواڕ کردنی وەڵام یا ئاکامێك، چونکە (فەرمانە) بۆیە دەبوایە دوای (دەنارد) نیشانەی سەرسوڕمان (!)

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05

بهاتایه و دوای ئەویش بۆ تەواو کردنی ڕستەی دوایی وشەی (بۆئەوەی) دابنایە، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت بۆ چی کوڕەکەی دەنێرێ. واتە دەبوایە بەم شێوەیە بینووسیبا: (کوڕە گەورەکەی دەنارد! بۆ ئەوەی مندالێ...) .

* "**دلّنیام لەپاڵ هەموو سەرخۆشی و بەد مەستی و بێئاگایاندا بڕیارێکی دڕندانە، مەبەستێکی کێوی لە چاویاندا بوو** " (م ت د، ل ٢١) . (بێئاگایاندا) لەو ڕستەدا مانا نابەخشێت، چونکە دەبوایە بە دوو (ی) بنووسرێت بەم شێوە (بێئاگاییاندا) یا (بێئاگاییەکیاندا) وە لەبەر ئەوەش وشەی (دلّنیام) لەسەرەتادا هاتووە، کە حالّەتی بەردەوامییە دەبوایە کۆتاییەکەش بەو شێوە کۆتایی پێبێت واتە لە جیاتی (بوو) (هەبوو) بنووسرایە، چونکە سەرەتا نالێ: (دلّنیابووم) .

* "**هەندێکیان لە خۆیەوە سەرچۆپیدەگرت** " (م ت د، ل ٢١) . هەندێکیان ئەگەرچی نازانرێت چەند کەسە، بەلاّم دەزانرێت لە یەك و دوو کەس زیاترە، واتە (کۆ) یە. (لەخۆیەوە) کەسی سێهەمی تاکە، کە (ئەو) چ کوڕ/ کچ بێت گرنگ نییە دەگرێتەوە. (دەگرت) ئەمەش کرداری کەسی سێهەمی تاکە، ئەگەرچی ئەمیش بەسەریەکەوە نانووسرێت. بۆیە دەکرێت ئەم ڕستەیە بە دوو شێوە بنووسرێت، یەکەمیان (هەندێکیان لە خۆیانەوە سەرچۆپییان دەگرت) . دووەمیان: (ئەو یا یەکێکیان لە خۆیەوە سەرچۆپی دەگرت) .

* " **ئەوانەی کە گووتیان ئەو ئەسپە شاخدارانە ئەسپی هەمان ئەو گوندی ئەفسانانەن کە کاتی خۆی داپیرە لێوەی هاتووە**..." (م ت د، ل ٢٢) . "ئەوانەی کە گووتیان" پێش (کە) هەمیشە فاریزە (،) دێت، کە ئەمە دوایی دێمە سەری بە ناوی خالّبەندییەوە. دوای (گووتیان) یش هەمیشە دووخالّ (:) دێت. (ئەو ئەسپە شاخدارانە) دیارە (کۆ) یە (گوندی ئەفسانانە) ش بێگومان (کۆ) یە، بەلاّم (لێوەی هاتووە) تاکە. ئەگەر مەبەستی کۆمەلێك گوندە ئەوا دەبوایە بنووسیبا (لێیانەوە هاتووە) . ئەگەر مەبەستیشی تاکە گوندێکە ئەوا دەبوایە بینووسیبا (ئەو گوندی ئەفسانە) ، ئەگەر مەبەستیشی کۆمەلّە گوندێکەو داپیرە لە یەکێکیانەوە هاتووە ئەوا دەبوایە بینووسیبا (داپیرە لە یەکێکیانەوە هاتووە) .

* "**بەلاّم تانژیە برسییەکان لە لەتوکووتکردنی ئادەمیزادێك دەگەڕان**" (م ت د، ل٢٤) . (لە لەتوکووتکردن) هەلّەیە (بۆ لەت وکوت کردن) یا (لە شوێن لەت و کوت کردن) ڕاستە، وەبەسەر یەکیشەوە نانووسرێت و (کوت کردن) یش بە یەك (و) دەنووسرێت، لە دوایدا هەندی لەو وشانەش بە دوو (و) نووسیونی دەخەمە پێش چاو.

* "**بە تەزبیحە کارەبا درەوشارەکەیدا ناسیەوە**" (م ت د، ل٢٦) . ئەم ڕستەیە لە ڕستەی منالێك دەچێت تازە فێری زمان بووبێت. چونکە لێرەدا ئەگەر ویستبێتی (کارەبا) بۆ پەسنی (تەزبیح) هکە بەکاربهێنێت ئەوا دەبوایە بینووسیبا (کارەباییە درەوشاوەکەیدا) ئەگەر سەیر بکەین وشەی (درەوشارەکەیدا) ئەویش هیچ مانایەکی نییە.

* "**بۆ ئەو شوێنەی شۆفێری تریلە گەورەکان لە ناو ماشینەکانیاندا دەخەوتن**" (م ت د، ل ٢٧) . (تریلە گەورەکان) واتە ئۆتۆمبیلی گەورە، (ماشین) هەرچەندە وشەیەکی فارسییە بە مانای ئۆتۆمبیلی بچوك دێت، ڕەنگە ئەو شۆفێرانە خاوەنی دوو ئۆتۆمبیل بن، گەورەکانیان لێخوڕیبێت و لە بچووکەکانیشا نوستبن.

* "**داپیرە شەوێکی وا شووم لە ژیانمدا نابێتەوە**" (م ت د، ل ٣٠) . لەبەر ئەوەی شەو زەمەنە دەبوایە بینووسیبا (دووبارەنابێتەوە) یا (نایەتەوە) یا (نابینمەوە) یا (ناگەڕێتەوە) . چونکە زەمەن هەمیشە بوونی هەیە. (نابێتەوە) زیاتر بۆ ئەو شتانەیە، کە تێك دەچن و سەرلەنوێ دروست دەکرێنەوە.

* "**وامدەهاتە پێشچاو هەموو جەستەی لە خوێندا هەلّکشابێت**" (م ت د، ل ٣٢) .

(هەلّکشان) لە خوارەوە بۆ سەرەوە ڕۆشتنە وە هەرخۆی لە لاپەڕە شەشدا ئەو وشەیەی بەکارهێناوە (**گووتیان خودا هەلیکێشاوەتەوە بۆ ئاسمان**) . بۆیە ڕاستتر وابوو بنووسێت (هەموو جەستەی لە خوێندا هەلّکێشرابوو یا هەلّژەنرابوو) .

* "**کاتێك لەو عارەبانەی ئەفسانەییەش دووركەوتنەوە**" (م ت د، ل٣٣) . ئەو (ی عارەبانە) بووە بە هۆی ئەوەی خوێنەر لە نێوان (عارەب) و (عارەبانەدا) سەری لێ تێك بچێت.

* "**ئەو کاتەی تۆ مەلول لەناو کیژە سەرگەردانەکانتا دانیشتبوویت و...**" (م ت د، ل ٣٥) .

هەرکەسێ ئەم ڕستەیە بخوێنێتەوە وا تێدەگات لەگەلّ ئافرەتێك بە ناوی (مەلوول) هوە، کە خاوەنی چەند کیژێکە قسان دەکرێت. بەلاّم نووسەر مەبەستی ئافرەتێکە (خەمگین) بۆیە ڕاستتر وا بوو بنووسێت (ئەو کاتەی تۆ بە مەلوولی لە ناو...) .

* "**لە هەمان ئەو شەوەدا ئەو پاستۆنەم دیەوە کە تەنیا یەك کیژی حەوت سالاّنە بینیبووی کە باوەژنەکەی لەو بەیانی تاریکی و باڕەشەدا کردبوویە دەرێ،** " (م ت د، ل ٤٣) . لە بڕگەی یەکەمدا دەلێ: (ئەو پاستۆنەم دیەوە) واتە پێشتریش بینیوویەتی. بەلاّم لە بڕگەی دووەمدا دەلێ: (تەنیا یەك کیژی حەوت سالاّنە بینیبووی) واتە جگە لەم کیژە کەسی تر نەیبینیوە، بۆیە ئەمە دوو بڕگەی دژبەیەکن؛ ئەگەر مەبەستیشی ئەوەیە تەنیا خۆیی و ئەو کیژە بینیویانەو بەس؛ ئەوا لەکوردیدا (کردار) دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بۆیە ڕاستتر وابوو بینووسیبا:

(کە تەنیا یەك کیژی حەوتساڵانەی تر، کە باوەژنەکەی لەو بەیانە تاریکەو (نەك لەو بەیانی تاریکی و ڕەشەبادا نەك (باڕەشەدا) کردبوویە دەرێ بینیبووی...) .

* "**لە قەرەباڵغی ئەو ئەسپسوارانەدا کە دەبایە ئێمە جڵەوی ئەسپەکانیان بگرین و بیبەینە تەویلەکانەوە**" (م ت د، ل٣٩) . (ئەو ئەسپ سوارانە، ئەسپەکانیان) هەردووکیان (کۆ) ن، (ئێمە) کەسی یەکەمی (کۆ) یە. (بیبەین) کرداره بۆ کەسی یەکەمی (کۆ) بەکاردەبرێ. خۆ ئەگەر ئەسپ سوارێك یا ئەسپێکی بنووسیبا هەردەکرا، هەرچەندە قەرەباڵی بە ئەسپ سوارێك و ئەسپێك دروست نابێت، ئەو کاتە پێویستیشی بە (ئێمە) نەدەکرد، بۆیە ڕاستتر وابوو بینووسیبا: (بیانبەینە تەویلەکانەوە) .

* "**نازانم داپیرە ئەوانەی قەدەر هەڵبژاردبووین، بەشداری ئەو شەوە شوومە بکەین**" (م ت د، ل ٤٧) . ئەم ڕستەیە سەروبەری دیار نییە و زیاتر لە وشەی یەکتر بڕ دەکات، ئەگەر پرسیارە کوا نیشانەی پرسیار؟ ئەگەریش سەرسورمانە بەهەمان شێوە. ئەگەر ئەوانەش قەدەر هەڵبژاردوون دەبوایە شتێك بەو شەوە شوومەیانەوە ببەستێتەوە، واتە گرێدانێك لە نێوان هەردوو ڕستەکەدا هەبوایە نەك وەك کەسێك بدوێت، کە تازە فێری زمانی کوردی بووبێت. یەکەمجار دەڵێ: (ئەوانەی) واتە (کەسی سێهەمی کۆی نادیار) ، پاشان هەڵبژاردبووین) ڕابردووی (کەسی یەکەمی کۆیە) و هەروەها (بکەین) یش (کەسی یەکەمی کۆ) پێی هەڵدەستێت. بۆیە ڕاستتر وابوو بنووسێت (ئەوانەی قەدەر هەڵبژاردبوون، دەبوایە بەشداری ئەو شەوە شوومە بکەن یا بەشداری ئەو شەوە شوومەیان بکردایە) . ئەگەریش مەبەستی ئەوەیە، کە خودی حیکایەتخوان لەو قەدەرو شەوە شومەدا بەشدارە دەبوایەت ئاوا ئەم ڕستەیەی بنووسیبا (ئیمە، کە قەدەر هەڵبژاردبووین، دەبوایە بەشداری ئەو شەوە شومەمان بکردایەت) .

* "**بەر لە مردن کەوتبوو بەسەر چەندین ڕیز لەو سندوقە بیبسییانەی کە لە مێژبوو ئامادەمکردبوو تا لە بەیانی ئەو تۆفانە ڕەشەدا باریبکەم بۆ مەیدانی گەورەی کەرنەڤالەکەی شەو**" (م ت د، ل ٥٤) . (چەندین ڕیز لەو سندوقە بیبسییانە) ئەگەرچی نازانرێ چەندن (کۆ) یە، پاشان دەڵێ : (ئامادەم کردبوو، باری بکەم) (تاك) ە، بۆیە ڕستەیەکی هەڵەیەو ڕاستەکەشی (ئامادەم کردبوون باریان بکەم) ە.

* "**جلەکانی بە خوێن و پەڵەی ڕەشی بیبسی و گەڵا داپۆشرابوو**" (م ت د، ل ٥٤) . (جلەکانی) (کۆ) یە و (داپۆشرابوو) تاکە، بۆیە (داپۆشرابوون) ڕاستە.

* "**ئەو بوو کە فەرمانیدەردەکرد تا ئەو منداڵانەی ڕەمەزان بەسەر تووەکانی بەردەم بیمارستاندا هەڵدەگەڕان، بدرێنە بەر گوللە**" (م ت د، ل ٥٨) . (فەرمانی دەردەکرد) ئەگەرچی بەسەر یەکیشەوە نانووسرێت (فرمانە) بۆیە دەبێت دوای ئەو جۆرە فرمانانە نیشانەی سەرسوڕمان بێت و بڕگەی دووەمیش بە وشەی (لەبەرئەوەی، بۆ ئەوەی) دەست پێبکات، هەروەها پێویستە لە نێوان (منداڵان و ڕەمەزان) دا وشەی (لە) دابنرێت، چونکو هەردووکیان (ناون) کەواتە بەم شێوەیە دەنووسرێت (ئەو بوو فەرمانی دەردەکرد! بۆ ئەوەی ئەو منداڵانەی لە ڕەمەزاندا...) .

* "**ئەو جلانەی لەبەردابوو کە بۆ کەرناڤاڵەکە لەبەریدەکرد**. " (م ت د، ل ٥٨) . ئەم ڕستە وەك ئەوە وایە بڵێی: (ئەو بوکەی جلی بوکێنی لەبەرکردبوو کە بۆ شاییەکە لەبەریدەکرد) . چونکە (لەبەردابوو) تێپەڕیوە. (کەرنەڤاڵەکە) کەرنەڤاڵێکی دیاریکراوە. (لەبەری دەکرد) بەردەوامییە و بۆ (تاك) یشە. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت ڕستەیەکی لەم شێوە دابڕێژێ بەم دوو شێوە دەتوانێ: ١. (ئەو جلانەی لەبەردابوو، کە بۆ کەرنەڤاڵەکەی ئامادەکردبوون) . ٢. (ئەو جلانەی لەبەردابوو، کە لە کەرنەڤاڵەکاندا لەبەریدەکردن) .

* "**ژنان هاتبوون بەناوی جل هەڵخستنەوە لەسەربانەکانەوە سەیری ئەو گەنجە سەربازانە بکەن و بێشەرمانە چاوبازییان لەگەڵدا بکەن**. " (م ت د، ل٥٩) . ئەم ڕستەیە ڕێك و ڕاست داڕشتنێکی عارەبییانەیە، چونکە وەك هەمووان دەزانین لە ڕێزمانی کوردیدا (کردار) دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە، بەڵام نووسەر لە ڕووی نووسینەوە زۆرجاران بە عارەبی بیردەکاتەوە و دەیەوێت بە کوردی بنووسێت. بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە چەندان ڕستەی ناو نووسینەکانیەتی، ئەو ڕستەی سەرەوەش نمونەیەکی بەرچاوە ـ ژنان هاتبوون... ـ. ئێمە لەکوردیدا ئەو جۆرە ڕستانە بەم شێوەیە دەنووسین (ژنان بە ناوی جل هەڵخستنەوە هاتبوون) . جا هەڵۆێستەیەك! بۆچی هاتبوون؟. (بۆ ئەوەی لە سەربانەکانەوە سەیری ئەو سەربازە گەنجانە نەك "گەنجە سەربازانە" بکەن و...) ، دوایش دەڵێ: (بێشەرمانە چاوبازییان لەگەڵدا بکەن) ، (لەگەڵدا) سەربازەکان دەکاتەوە بە کەسی سێهەمی تاك. بۆیە دەبوایە بینووسیبا: (بێشەرمانە لەگەڵیاندا چاوبازی بکەن) .

* "**پەنجەی لە پاشماوەی جێماوی شووشەکان دەدا لەناو برینەکاندا**" (م ت د، ل ٥٩) . (شووشەکان) (کۆ) ی ناوی شووشەیە، ئەم شووشانە دیارە شووشەی شکاون واتە وردە شووشەن و لە جێگەیەکدا بە جێماون،

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05

کەواتە ڕابردووە، ئەو جێگەیەش برینە، لەبەرئەوەی ڕاستتر وابوو بینووسیبا (لە پاشماوەی بە جێماوی شووشەکان دەدا لە...) .

* " **هەموو پیاوو مندالە بەستەزمانەکانیان کۆکردەوە، لەو بەندیخانەیەدا کە بەسەر مەیدانی تیربارانکردندا دەیڕوانی قایمیانکردین**" (م ت د، ل ٦٠) . ڕستەی یەکەم دەڵێ: (پیاوو منداڵەکانیان) کۆکردەوە، واتە کەسی سێهەمی (کۆ) . بەڵام لە کۆتایی ڕستەی دووەدا دەڵێ: (قایمیان کردین) ، واتە کەسی یەکەمی (کۆ) کە دەکاتە ئێمە. ڕستەی دروست ئەو ڕستەیەیە ئەگەر بەناوی کەسی یەکەمی تاك/کۆ دەستی پێکرد، دەبێت بەهەمان شێوەش کۆتایی پێبێت. مادام ئەو ڕستەیە بە کەسی سێهەمی (کۆ) دەستی پێکردووە (پیاوو مندالە بەستە زمانەکانیان کۆکردەوە) دەبوایەت دوا وشەش بەم شێوە بهاتایەتە کۆتایی (قایمیان دەکردن یا قایمیان کردن) . ئەگەر وەك حیکایەتخوان خۆیشی بەشدارە لە ڕووداوەکاندا، ئەوا دەبێت لە سەرەتای ڕستەکاندا بە ناوی کەسی یەکەمی (کۆ) وە قسان بکات، واتە بەم شێوە دەستی پێبکردبایە (هەموومانیان بە پیاوو منداڵە بەستەزمانەکانەوە کۆکردەوە) پاشان لە کۆتاییدا (قایمیان کردین) .

* "**ئەو گووتی، نا تکات تیا دەکەم**. " (م ت د، ل ٩٠) . وشەی (تیا) مانای لەناویدا/تیایدا دەدات، بۆیە لەو ڕستەدا هەڵەیەو ڕاستەکەشی (نا تکات لێ دەکەم) ە.

*"**داپیرە کە لە دوای مردنەکەی دەرگای ئەو ژوورەمان کردەوە، بینیمان...**" (م ت د، ل ٩٢) . نووسەر گیروگرفتی نەزانینی چۆن بە کارهێنانی پیتی (کە) ی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی واتای وشەی (کە) ، کە لە دوایدا دێمە سەرباسی. ئەو ڕستەی سەرەوەش، ڕاستتر وا بوو بینووسیبا: (داپیرە لە دوای مردنەکەی کاتێك دەرگای...) . چونکە (مردن) لەوێدا تێپەڕیوە و دەیەوێت ڕووداوی پاش مردنەکە باس بکات، کە لەکاتی کردنەوەی دەرگاکەوە دەست پێدەکات.

* " **سەعید دەیزانی کە چ ترسێکی گەورەی لە قامچی و تانژیەکان هەیە، لە منداڵیەوە دەرگای ژوورەکانی لەسەر خۆی دادەخست.** " (م ت د، ل ٩٣) . ڕستەی یەکەم ئەوەمان نیشان دەدات، کە سەعید ترسێکی گەورەی لە تانژییەکان هەیە. ڕستەی دووەم پێمان دەڵێ: دەرگای ژوورەکانی لەسەر خۆی دادەخست!. بۆچی؟. بۆ ئەوەی ترسی لە تانژییەکان هەیە. کەواتە دەبوایە ڕستەی دووەم تەواوکەری ڕستەی یەکەم ببوایە، بەو مانایە گرێدانێکی زمانەوانی بەم شێوەیە لە نێوان ئەو دوو ڕستەدا هەبوایە (سەعید دەیزانی چ ترسێکی/ترسێکی چەند گەورەی لە قامچی و تانژییەکان هەیە! بۆیە هەر لە منداڵییەوە دەرگای...) .

* "**لە درزی ئەو دیوارانەوە کە بوومەلەرزەی ساڵەکانی سی دروستیکردبوو.** " (م ت د، ل ١٠١) . ساڵی (سی) یا (چل) یا... هەر یەك ساڵە بۆیە هەڵەیە (کۆ) ی ساڵی بۆ بەکاربهێنیت.

* "**داپیرەش هەمیشە یادی دەهێنایەوە کە ئێمە خوشکانی پاکیزیی ئەوین.** " (م ت د، ل ١٠٤) . بڕگەی یەکەم دەڵێ: (یادی دەهێنایەوە) واتە یادی کەسی دووەمی (تاك) ی دەهێنایەوە، بەڵام بڕگەی دووەم: (کە ئێمە) واتە یادی کەسی یەکەمی (کۆ) ی دەهێناوە بۆیە ڕاستر وابوو بینووسیبا (یادی دەهێناینەوە) .

* " **بێئەوەی کەس بزانێت ڕووداوەکان دوای ئەو چۆن پەرەدەستێنێ**. " (م ت د، ل ١٠٩) . ئەگەر تەماشای (ڕووداوەکان) بکەین دەبینین (کۆ) یە، بەڵام (پەرەدەستێنێ) کرداری کەسی سێهەمی (تاك) ە، بۆیە دەبوایەت یا (ڕووداوەکان) تاك ببوایە یا (پەرەدەستێنێ) کۆ ببوایە!.

* "**هەزارەها مریشکی سپی کە یەکەمجار بوو دەهاتە ئەو شارە.** " (م ت د، ل ١١٥) . هەزارەها مریشك بێگومان (کۆ) یە، (دەهاتە ئەو شارە) بۆ کەسی سێهەمی تاکە. ڕاستتر نەبوو نووسەر بنووسێت (دەهاتنە ئەو شارە) ؟.

*"**بەترێلەی گەورەو لە قەفەزی بچوك و تەسکدا دەیانهێناو لەسەر شۆستەکان دایاندەگرت**" (م ت د، ل ١١٥) . بە ترێلەی گەورە دیارە مەبەست ئەو هەزارەها مریشکەیە لەسەرەوە باسمان کردن. زۆرجاران نووسەر ئاگای لەوە نییە، کە لە پێشەوە چی گووتووە؛ یا چی دەڵێ: بۆیە زۆر جار نووسینەکانی لە وڕێنە دەچێت. ئەگینا کێ هەیە لە دێڕێکدا باسی هەزارەها مریشك بکات و لە دێڕی دووەمدا بڵێ: (لەقەفەزی بچوك و تەسکدا دەیانهێنا) وەك ئەوەی بڵێ: چۆلەکەیەکیان دەهێنا. پاشانیش بڵێ: (دایاندەگرت) ، هەروەك یەك مریشك داگرن.

* "**گەر لەلاوە بتدیبایە خۆشی بە مریشکێکی کوێری گەورە دەچوو**. " (م ت د، ل ١١٥) . هەرکەس ئەم ڕستەیە بخوێنێتەوە وا تێدەگات (خۆشی) کە ناوێکی کوردی کچانەیە بە مریشکێکی کوێری گەورە دەچوو. بەڵام لەو ڕۆمانەدا کەسێتییەك بەو ناوە نییە و مەبەستی نووسەر کەسی مریشك فرۆش خۆیەتی، بۆیە دەبوایە بینووسیبا: (خۆیشی بە مریشکێکی گەورەی کوێر دەچوو) .

* "**هەستمکرد هەنگاوەکانم نەختێك خاو دەبێتەوە**. " (م ت د، ل ١٢٠) . (هەنگاوەکانم) (کۆ) یە، (خاودەبێتەوە) بۆ تاکە. بۆیە ڕاستتر وابوو بنووسێت (خاودەبنەوە) .

* "**نا داپیره، هەتا لەناو کۆشکەکەدا نەدەسوڕایەوە، دەرگای لەسەر خۆی دادەخست و...**" (م ت د، ل ١٢٢) . وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد، کەوا نووسەر لە ڕووی نووسینەوە بە عارەبی بیردەکاتەوەو دەیەوێت بە کوردی بنووسێت، ئەمەش بووە بەهۆی لاوازکردنی زمانە کوردییەکەی. ئەو ڕستەیەی سەرەوەش باشترین بەڵگەیە، کە وشەی (هەتا) ی بەهەمان چەمکی (حتی) ی عارەبی بەکار هێناوە. وشەی (هەتا) لە کوردیدا ئەم مانانەی هەیە: ١. ماوە و نێوان: (لێرەوە هەتا لای تۆ چەند کیلۆمەترە؟.) . ٢. مەرج دانان: (هەتا قەرزەکەم نەدەیتەوە بڕوات پێناکەم) . ٣. بۆ ئەوەی: (کاردەکەم، هەتا نەڵێنن تەمەڵە) . ٤. بێ برانەوە: (سەری خۆم هەڵدەگرم و هەتا هەتایە ناگەڕێمەوە) . ٥. تا، کاتێ، بۆ زەمەن: (نەفەس بگرە لە هاتوچوویی خۆڕایی هەتا ماوی/ کە ئەم بایە هەتا ئێستاکە هەر عومری بەبا داوی"نالی". (هەتا ماوم بە ئومێدی شیفا هەر چاوەڕێی چاوم "وەفایی") . (هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون"نالی") . ئەو (هەتا) یەش نووسەر وەك مانا عارەبییەکەی لە کوردیدا بەکاریدەهێنی بەم شێوەیە دەنووسرێ (هەتتا، هەتتاکە) . (پەردو بادی هیجری تۆ وا عالەمی لێ کردمە تۆز/ نەك دووچاوم، بەڵکە **حەتتا** دڵ غوباری گرتووە"نالی") .

* "**بۆنەکەی بەسەر بۆنی هەموو شتێکا زاڵبوو، هەتا بەسەر بۆنی ئەو عەترە ساردەی لە جەستەی ئەشرەفەوە دەهات**" (م ت د، ل ١٢٨) . ئەم ڕستەیەش هەمان هەڵەی ڕستەی پێشووە. لە لایەکی ترەوە، ئەو بۆنە تیژە/کاریگەرە، کە بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبووە تەنانەت بەسەر ئەو (بۆن) ە شدا، کە لە جەستەی ئەشرەفەوە هاتووە. دەبوایەت نووسەر بینووسیبا (لە جەستەی ئەشرەفیشەوە) نەك (ئەشرەفەوە) بۆ ئەوەی خوێنەر دڵنیابکات ئەو (بۆن) ە لە (بۆن) ەکەی ئەشرەفیش تیژتر بووە و لە جیاتی (هەتا) ش (تەنانەت) ڕاستە.

* "**لەسەردابە تاریکەکاندا بینیم، دەستێکی ماندووو بێسەبربوو ناو دۆڵاب و ژێر ڕاخەرەکان لە دوای نهێنییەك دەگەڕا**" (م ت د، ل ١٢٤) . (دەستێکی ماندووو بێ سەبر) بۆچی ناو دۆڵابەکان دەگەڕێ؟. لەبەر دۆزینەوەی نهێنییەك، کەواتە (دەستێکی ماندوو و بێ سەبر بە دوای نهێنییەکدا ناو دۆڵاب و ژێر ڕاخەرەکان دەگەڕا) ڕاستترە.

* "**ئەو تەنها کەسێك بوو بوو بەدەنگی هاوارەکانمەوە هات**" (م ت د، ل١٣٤) . کەسێك بوو بوو هەڵەیە و یەك (بوو) بەسە.

* "**دەتوانم لەو چاڵە بەفرەی خۆتا تا هەتا هەتایە نوقتبکەم**" (م ت د، ل١٣٥) . (تا هەتا هەتایە) هەڵەیە، لەبەرئەوەی لەم ڕستەیەدا (دەتوانم) کردارێکە لە داهاتوودا بکەر پێی هەڵدەستێ، واتە کارەکە لە بڕیاردایەو ئەنجام نەدراوە، بۆیە (بۆ هەتا هەتایی) ڕاستە. (نوقتبکەم) یش هەڵەیە، ئەگەر مەبەستیشی (نوقمت بکەم) بێت ئەوا بەسەر یەکەوە نانووسرێت.

* "**ومختە بوو لە ژێر لێشاوی ئەو هەموو ئادەمیزادە تورەو گریاوەدا ببم بە ژێر دەستو پێوە**" (م ت د، ل ١٣٧) . (هەموو ئادەمیزاد) بێگومان (کۆ) یە، (تورەو گریاوەدا) کەسی سێهەمی تاکە، بۆیە یا دەبوایە یەك ئادەمیزاد بوایە، کە ئەمەش لەگەڵ ئەو مەبەستەی نووسەردا ناگونجێ، یا دەبوایە (تورەو گریاوانەدا) ی بنووسیبا ڕاستتر بوو.

* "**دایە وەختە بوو دیوارەکانیان دەروخاند**" (م ت د، ل ١٣٨) . (وەختەبوو) لەسەرەوەش بەکاری هێناوە، کە بۆ پێشبینییە، واتە بۆ کارێك هێشتا ئەنجام نەدراوە. بەڵام (دەروخاند) بەردەوامییە، واتە دەستیان بە ڕوخاندن کردووەو بەردەوامن لە ڕوخاندندا. بۆیە ڕاستر وابوو بنووسێت (دایە خەریك بوون دیوارەکان بروخێنن یا خەریك بوون دیوارەکانیان دەروخاند) .

* "**بەسەر تووە تەنهاو زەردو نامۆکاندا سەرکەوتن**" (م ت د، ل ١٣٨) . لەم ڕستەدا ئێمە تەنها یەك (توو) مان هەیە، بەڵام (نامۆکان) (کۆ) ی (نامۆیە) . کەواتە ئەو ڕستە بە دوو شێوە دەتوانین دایبڕێژین. یەکەمیان: (بەسەر تووە زەرد و نامۆکاندا سەرکەوتن) . دووەمیان: (بەسەر تووە تەنهاو زەرد و نامۆکەدا سەرکەوتن) .

* "**هەر ئەو شەوە لەو کاتەدا کە تەرمەکەمان تەسلیم بە یەزدان کرد**" (م ت د، ل١٤٥) . (ئەو شەوە) کاتێکی دیاریکراوە، (لەو کاتەدا) بەهەمان شێوە کاتێکی دیاریکراوە، بۆیە پێویستی بە (لەو کاتەدا) نەدەکرد، ئەگەر مرۆڤیش بیەوێت ساتێك لە شەو/ڕۆژ دیاریبکات دەتوانێت وشەی (کاتێك) بەکاربهێنێت، کە ئان و ساتێکی لە کاتێکدا بۆ دەستنیشان دەکات. هەر ئەو ڕستەی سەرەوە خۆی دەکەین بە نمونە: (هەرئەو شەوە کاتێك تەرمەکەمان تەسلیم بە یەزدان کرد) ، ئەو وشەی (کە) یەش زیادە و نانووسرێت.

وشەی نەپونجاو لە ڕستەدا:

* "**مەچەکە پڕ بازنەکانی بە جۆرێکی دلگیرو سەیر خرمەیان دەهات**" (م ت د، ل١١) . (خرمە یا خرماندن) دەنگێکە لە کاتی کرتاندنی خۆراکی توردا لەدەم دێتە دەرەوە. کاتێکیش مشك گەنم یا پارچە دارێك یا نانە

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05

ڕەقە دەکرتێنێ، بەو دەنگەش دەڵێن: خرمە خرم. ڕەشەبا کاتێك فشار دەخاتە سەر درەختێکی پیرو دەیشکێنێتەوە، لەو کاتەدا دەنگێك لە درەختەکە بەرز دەبێتەوە، ئەویش پێی دەڵێن: (خرمە/ قرچە) . ئەو دەنگەش لە ئەنجامی وێك کەوتنی زێڕ و خشڵ پەیدا دەبێت پێی دەڵێن: (خرنگە) (هەی خرنگە خرنگە، خرنگەی پاوەنەکانی"فۆلکلۆر") یا (زرنگانەوە، زڕە زڕ) یا (هاڕە، کە ئەمەیان زیاتر بۆ کەمەربەندی زێڕو زیو"هەیاسە" بەکاردەبرێ) . (زڕەی بازن بێ/ بەرەو لای من بێ - زەرد و سور تێکەڵاو بوون، ژن و پیاو، / هەرایە، لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە "گۆران") .

* "**لەو حەمامەدا کە ساڵ دوانزەی مانگ دەسوتا**" . "**وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە حەمامەکە دەسوتا**" (م ت د، ل ١٢ - ٩٠) . حەمام ناسوتێ بەڵکو گەرم دەکرێ یا گەرم دەبێت.

* "**کە وەك ئاسك شاخیان هەبوو**" (م ت د، ل ٢٠) . (ئاسك) یا (مامز) ئەو ئاژەڵە جوانەیە لە پێدەشتەکاندا دەژی و شاخی نییە (غەزالەی دەشتی چین ومحشن، لەگەڵ کەس ناگرن ولفەت / فیدای کار ئاسکی دەشتی هەڵبجەم چونکو سڵ ناکات "کەمالی") . ئەو ئاژەڵەش، کە لە هەمان خێزان/ ڕەگەزی (ئاسك) ە بەڵام شاخی هەیە ئەوە پێیدەڵێن: (کەڵ) کە ئاژەڵێکی کێوییە و لە شوێنی سەختدا دەژی بە پێچەوانەی (ئاسك) ەوە لە زۆر ناوچەشدا (کەڵە ئاسك) ی پێ دەڵێن.

* "**ئەو بوو کاتێ کە لە بەندیخانەکان دەگیراین**" (م ت د، ل ٣٠) . ئەم ڕستە ئەوەمان پێدەڵێ: کە کۆمەڵێك لە بەندیخانەدا دەسگیر کرابن. هەموو کەس ئەو ڕاستییە دەزانێت مرۆڤی بەندیخانە دیلە، دیلیش دەسگیرکراوە ئیتر چۆن دەکرێت بڵێی: دەسگیرکراوەکانیان دەگرت. نازانم ئەو بەندییانەی نووسەر باسیان لێوە دەکات ڕەنگە لەبەندیخانەکاندا قاچاخ بن!.

* "**نەوەك بەکاری ئەو مەقەستە دووفاقەی زمانیان پێبڕیبوو**" (م ت د، ل٢٠) . هەرکەسێك ناوی (مەقەست، قەیچی، تۆرتۆ) ی بکەوێتە بەر گوێ دەزانێت، ئامێرێکە لە خۆیدا بێ دووفاقە بوونی نییە، بۆیە (دووفاقە) پێویست ناکات لەگەڵ مەقەستدا بنووسرێت.

* "**بینیم مارمێلکەو شەوگەردیان ڕاودەکرد و لە ناو دەستیاندا دەیانفلیقاندەوە**" (م ت د، ل٣٤) . مارمێلکە گیانلەبەرێکی باریکی بۆرکەڵەیە، سەرو لەشی بە ماری چکۆڵە دەچێت، بەڵام دەست و پێی هەیە و ژیانی لەسەر مێش و مەگەزەو ژەهراویش نییە. مارمێلکە ئەم جۆرانەشی هەیە: (قمقمۆکە، سەرمازەڵە، خەمەگرو، زەردە قۆرە) کە کەمێك گەورە و درێژترن و لەبن تاوێرو شاخەکاندا دەژین. (شەوگەرد) گیانلەبەرێکە لە ڕەگەزی/ خێزانی قمقمۆکەیەو کەمێك لەوان گەورەترە و دەڵێن: شەوانە وەك فسفۆر دەگرێت، هەربۆیە ناویشیان ناوە (شەوگەرد، کەلە شەوگر) ەوە هاتووە. ئەم گیانلەبەرە، گیانلەبەرێکی ئەوەندە ژەهراوییە بە هەر کەسێکەوە بدات لەشی دادەڕزێنێ. جگە لەوەش دەڵێن: ژەهر فڕێدەدات. ئیتر چۆن دەکرێت مرۆڤ بیگرێت و لەناو دەستیدا بیفلیقێنێتەوە؟.

* "**مەرگێکی بەویقار لەسەر لێوە سیرمۆکەیەکانی دەبینرا**" (م ت د، ل٥٤) . (سیرمۆك یا سیرمۆکە) ڕووەکێکە لەبەهاراندا سەوز دەبێت، پەلکەکانی بە پەلکی پیازو تامیشی کەمێك بە تامی پیاز دەچێت، بەڵام ڕەگێکی تاڵی تێدایە، ڕەگەکەشی سەلکێکە هەر بە سەلکی سیر دەچێت، هەر لەبەر ئەمەش ناویان ناوە (سیرە کێوی/ سیرمۆکە) . شوبهاندنی لێو بە سیرە کێوی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ: **١**. نەزانینی واتای سیرمۆکە. **٢**. وشە ڕیزکردن.

* "**لێوە سیرمۆکەیەکانی بریندار بووبوون**" (م ت د، ل٨٦) . هەمان هەڵەی ڕستەی پێشوو. (تەماشای ڕستەی سەرەوە بکەن) .

* "**ئەو تۆقەڵە گۆشتەی لە ساڵی گەردەلولە بەفرین و گەنمە ژەهراوییەکان و قاچکە کێویەکاندا لەسەر ناوچەوانی ڕوابوو**" (م ت د، ل ٥٦) . لەو ڕستەدا وشەی (گەردەلوول) هاتووە، جا با بزانین گەردەلوول لەکوردیدا واتای چیە؟. (گەردەلوول/ گەردولوول/ باهۆز/ گەردەبا/ گێژەلۆکە) ئەمانە هەموویان یەك مانایان هەیە و لە دوو وشەی داڕێژراو پێك هاتوون. ئەو دوو وشەیەش (گەرد+ لوول) ە، گەرد بەمانای (تۆز/غومار/بابردەڵەی خاك/ خۆڵ) دێت و (لوول) یش بەمانای (پێچ خواردن/ باخواردن/ لوور) دێت. کەواتە (گەردەلوول) بەو تەپ و تۆزە دەگووترێت بەدەم (با) وە لوول/ پێچ دەخوات. جا ئێستا پرسیارێك دێتە پێشێ؛ ئایا تا ئێستا کەسێك بینیوویەتی لەکاتی بارینی بەفردا گەردەلوول هەڵبکات، بەمەرجێك زەویش تەڕە؟!. بێگومان نا، بەڵام دەکرێت زۆر جاران لە کاتی بارینی بەفردا بایەك هەڵبکات وبەفرەکە لەگەڵ خۆیدا لوول بدات، ئەمەش پێی دەڵێن: (کرێڤە/ کرێوە) . لە هەمان ڕستەدا وشەی (قاچکە کێوی) بەکارهێناوە بۆیە حەزدەکەم مانای (قاچك) یش لە کوردیدا ڕوون بکەمەوە بزانین لەو ڕستەدا چ واتایەکی هەیە: (قاچك/خێزەرە/چرپی پووشی

سەردارەڕا، ژێر قورەبان/ کارگ، کوارگ/ قارچ/ پێ/ دەنگی جاوین/ کلك) . ئایا هەریەکێك لەم وشانە لەگەڵ (کێویدا) چ مانایەك دەبەخشن؟.

* "**دیاربوو وویستبوویان بەدەمی تیژی یەکێك لەو بیبسیانە سەرببڕن**" (م ت د، ل٥٧) . (بیبسی) لای هەموو کەسێك ئاشنایە، کە شلەمەنی/تراوێکی خواردنەوەیە لە شووشە/ قوتوودا دەفرۆشرێت. ئایا نووسەر چۆن توانی ئەم دەمە تیژەی بۆ دروست بکات بەو شێوەیە بتوانرێت خەڵکی پێ سەرببڕدرێت؟!. لەلایەکی تریشەوە وەك گووتم: بیبسی شلەمەنییە بۆیە ناژمێردرێت و (یەکێك لەو بیبسییانە) ش هەڵەیە، ئەگەر نووسەر مەبەستیشی جۆرە چەقۆ یا خەنجەرێکە بەناوی (بیبسی) یەوەو ئێمە نەمان بیستووە؛ زۆر داوای لێبووردنی لێدەکەم.

* "**دەتگووت لە تەنیشت پارچەیە گووەوە وەستاوە**" (م ت د، ل٥٩) . (گوو) بە پاشەڕۆی مرۆڤ دەگووترێت؛ یا مامۆستا هەژار گووتەنی: "تلتەی خۆراك، کە لە قنگەوە دەردەچێ". ئەم پاشەڕۆیە لەهی گیانلەبەرێکەوە بۆ یەکێکی تر ناوەکەی دەگۆڕێ بۆیە حەز دەکەم ناوی چەند دانەیەکیان بهێنم، بۆ نموونە: بە هی زۆربەی باڵندەکان دەگوترێت: ڕیقنە/ جیقنە. بەڵام هی ئاژەڵەکان ناوی جیاوازیان هەیە بۆ نموونە: بە پاشەڕۆی کەر یا ئەسپ دەگووترێت: تەرس/تەرسەقول. بەڵام بە هی مانگاو گامێش و بەراز دەگوترێت: تەپاڵە/ ڕیخ/ شیاکە. وە پشقل/ کشپەڵ / قشپل یش بە پاشەڕۆی بزن و مەڕ و کەروێشك و ئاسك و سوچەڕ، سیخور دەگوترێت. جا حەز دەکەم ئەوە ڕوونبکەمەوە ئەمانەی دوایی دەتوانرێت بە ژمارە بژمێردرێت چونکە دانە دانەی خڕی بچوکە، (تەرسەقول) یش هەروەها، بەڵام (گوو یا تەپاڵە) دەتوانیت بە (تەپە/ تەپك/ سل) ناوی بەریت، وەك کوردەواری دەڵێ: (تەپکێ/ سلێ گووی کردووە بەقەد سەری خۆی) . بۆیە (پارچە) زیاتر بۆ چکولاتە و کێك و بسکویت بەکاردێت و بۆ ئەو پیسییە نەشیاوو نەگونجاوە.

* "**لە ژێر شەوقی مانگە شەوەکەدا**" (م ت د، ل٦٤) . (شەوق) وشەیەکی عارەبییە و مانای (ڕوناکی، ڕۆشنایی، ڕوناهی/ ئارەزوو) ی کوردی دەدات. ئەم ڕوناکییە، کە دژی تاریکییە بۆ هەموو سەرچاوەیەك ڕوناکی بدات بەکار دەهێنرێت. وەك: (ڕوناکی گڵۆپ/ چرا) ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕوناکییەك لە کوردیدا ناوی خۆی هەیە بۆ نموونە: ئەو ڕوناکییەی خۆر دەیدات پێی دەڵێن: (تیشکی خۆر، تیرۆژ، گزنگ) وە ئەو ڕوناکیەش مانگ دەیدات پێی دەڵێن: (تریفە) . مامۆستا گۆران لە شیعرێکی بەناوبانگیا دەڵێ: (کانی یەکی ڕوونی بەر **تریفەی** مانگە شەو/ لە بنیا بلەرزێ مرواریی و زیخ و چەو/ جوانترە لە لای من لە دەریای بی سنوور/ شەپۆلی باتە بەر **تیشکی** ڕۆژ شلپ و هوور) . بۆیە ڕاستتر وابوو نووسەر بنووسێت: (لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا) .

* "**سەرهەنگ بەدری بە گڕەوییە ئەستورەکانییەوە لە ژێر قەیسییەکی بێبەردا لەگەڵ حاکمی گشتیدا تاوڵەی دەکرد**" (م ت د، ل ٧٦) . (قەیسییەکی بێبەر) قەیسی خۆی بەری درەختێکە؛ ئایا کەسێك بیستوویەتی (بەر) (بەر) ی هەبێت؟!. بێگومان نا! بەڵام دەکرێت (بەر) تۆوی هەبێت. مرۆڤیش ناتوانێت لە ژێر قەیسییەکدا دابنیشێت چونکە ئەوەندەی دەنکە هەڵماتێکە!. بۆیە ڕاستتر وابوو بنووسێت: (لە ژێر دار قەیسییەکی بێبەردا) یا (لە ژێر دار قەیسییەکی زڕدا) .

* "**دەڵێن ژنانی سەرهەنگ حەزیان لەو کوڕی بیبسیە کردووە**" (م ت د، ل ٧٧) . لە پێشتریش باسمان کرد، کە بیبسی شلەیەکە لە شووشە/قوتودا دەفرۆشرێت. دەکرێت پیاو بلێت: (ژنانی سەرهەنگ حەزیان لە بیبسییە، یا حەزیان لە بیبسی کردووە) بەڵام زۆر نەگونجاوو نەشیاوە بلێی: (حەزیان لە کوڕی بیبسی کردووە) . خۆ ئەگەریش مەبەستی بیبسی فرۆشە ئەوا دەبوایە بینووسیبا: (حەزیان لە کوڕی بیبسی فرۆشەکە کردووە، یا حەزیان لەو کوڕە بیبسی فرۆشە کردووە) .

* "**گوێمان لە خوژەی خوێنەکەی بوو**" (م ت د، ل ٧٨) . (خوژە) گیایەکە سرێشی لێدروست دەکرێت و ئەم ناوانەی تریشی هەیە (گیاچرێش/گیائەسریلك، گیائەستریلك) . (خوژ) یشمان هەیە کەمانای: (کوور، واتە پشت چەماوە) دەدات. لەسەرەتای ڕستەکەدا وشەی (گوێمان) هاتووە، کەواتە دەنگێك هەیە، بێگومان ئەو دەنگەش دەنگی (خوێن) ە ئەگەرچی (خوێن) لە کاتی ڕژانیدا بە خوڕ نەبێت دەنگی نایەت. ئەو دەنگەش پێی دەگووترێت: (خوش/خوشە) . ئەگەر نووسەر مەبەستی ئەم وشەیانە ڕاستتر وابوو بینووسیبا: (گوێمان لە خوشەی خوێنەکەی بوو) .

* "**پێیدەگووت کۆشکی خوژە خوژی میزی کیژەپاکیزەکان**" (م ت د، ل ٨٥) . هەمان هەڵەی ڕستەی پێشوو، چونکە میزیش وەك ئەو خوێنەی بە تەوژم لە گیانی گیانلەبەرەوە دێتە دەرەوە (خوشە) ی دێت، دایکان زۆرجار ئەم ڕستەیە بە منالەکانیان دەڵێن: (خوشەی میزەکەی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوات) .

* " **پەنجەرەکانیان لەبنهێناو دەرگاکانیان لە گرێژنەبرد**" (م ت د، ل١٠١) . (گرێژنە) هیچ واتایەکی نییە. لەزمانی کوردیدا دوو وشەمان لە (گرێژنە) وە نزیك هەیە، یەکەمیان: (گرێژ) ، کە مانای (مەمك/گوان) ە.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05

دووەمیان: (گرێژنە) یە، کە بە پاژنەی دەرگا دەگووترێت. ئەگەر نووسەر وشەی دووەمیانی مەبەست بێت؛ ئەوا دەبوایەت بەم شێوە بینووسیبایە: (پەنجەرەکان و گرێژنەی دەرگاکانیان لەبنهێنا) .

* "**ژنانێك بەدەم گریانەوە خورییان دەچنی**" (م ت د، ل ١٠٢) . (خوری) ناچنرێت بەڵکو لە ڕێگەی تەشی یەوە دەڕیسرێت. (دونیایەك ئینتیزاری، شیرین تەشی دەڕێسی "وەفایی") . تەنانەت تا ئەمڕۆکەش هەمان دەستەواژە بەکاردەهێنرێت: (هەموو جارێك لەسەربانێژەوە شیرین تەشی دەڕست/ کەچی (وەفایی) یش لە خوارەوە/ شی دەبووەوە/ دەبووە خوری) "شێرکۆ بێکەس/ نسێ". (چنین) لە کوردیدا گەلێك مانای جیاوازی هەیە وەك: ١. تەنین. "هەموو ڕێگاکانیان وەك جاڵجاڵۆکە تەنیوە". ٢. بەری دار لێکردنەوە. "مازوو چنین". ٣. بژارەکردن. ٤. نرخ بۆ دانەنان. "ئەوانە چنین". ٥. کاری دەست. "شاڵ چنین". با ئەوەشمان لەبیر نەچێت خوری دەچنرێت؛ بەڵام پاش ئەوەی دەڕیسرێت و دەکرێت بە (بەن) .

* "**بۆنی ئەو گوڵە زەردانەیان لێدەهات کە لە باغە کاکی بە کاکیەکاندا چەپکیان کردبوو**" (م ت د، ل١٠٢) . (کاکی بەکاکی) زیاتر بۆ دەشت و بیابانی چۆڵ و هۆڵ بەکاردەبرێ و باغێکیش پڕ بێت لە گوڵ و دارگوڵ هیچ کاتێك کاکی بەکاکی نییە.

* "**دەفتەرێك کۆنی و شێ خووساندبووی**" (م ت د، ل١١٤) . (خووساندن) بۆ شتێك بەکاردەبرێت، کە لەڕێگەی ئاو/تەڕاییەوە نەرم بووبێتەوە، بۆیە (شێ) دروستە، بەڵام (کۆنی) شت ناخووسێنێ، بەڵکو دەیرزێنێ یا دەیپرتوکێنێ.

* "**بە خۆیان و ئەسپە شاخدارەکانەوە ڕایاندەکرد**" (م ت د، ل١٣٣) . (ڕاکردن) بۆ ئەسپ بەکارنایەت، بەڵکو (غاردان) بۆ ئەسپ بەکاردێت.

* "**تا لە گەرەکە هەژارەکانی قەراغشار گەیشتە گوێی ئەو کەرانەش کە پێشتر لەژیانیاندا گوێیان لە حەرفێکی دی نەبوو بوو**" (م ت د، ل١٣٧) . (کەڕ) بەو کەسە دەگوترێت، کە گوێی لە هیچ نییە و نابێت، ئیتر چ پێویست دەکات بلێی: (کە پێشتر لە ژیانیاندا گوێیان لە حەرفێکی دی نەبووبوو) . ئەو وشەی (تا) یەش هەڵەیە و لەوێدا (تەنانەت) ڕاستە، بۆیە ڕاستتر وابوو بنووسێت: (تەنانەت لەگەڕەکە هەژارەکانی قەراغ شاریش گەیشتە گوێی کەڕەکان) .

* "**لەوێ لەناو هەزارەها گۆڕی دیکەدا، چاڵێکی قوڵیان بۆ هەڵکەند**" (م ت د، ل١٤٥) . لەم ڕستەدا (هەزارەها گۆڕ) مان هەیە و تەنها (چاڵێك) . بۆیە پیاو دەپرسێت: لەناو هەزارەها گۆڕدا چۆن چاڵێك هەڵدەکەنرێ؟!. خۆ ئەگەر بینووسیبا: (لە نێوان هەزارەها گۆڕدا، چاڵێکمان بۆ هەڵکەند) زۆر ڕاستترو جوانتر بوو.

* "ئێسقان کۆبکەمەوەو لەسەر هەویرە گەورەکاندا بیبەم بۆ تانژییەکان" (م ت د، ل٣٧) . **ئەم ڕستەیە لە وشە ڕیز کردن زیاتر، هیچ مانایەکی نییە.**

* "**دەیانگووت: مەمکمان وەکو هەڵووژە وایە**" (م ت د، ل٣٦) . (هەڵووژ)، کە (هەڵۆ) شی پێدەگوترێت، زۆر هەڵەیە بە مەمك بشوبهێنرێت. چونکە شتی شیرین و بەتام و ناسك و جوان بە مەمك دەشوبهێنرێت: (خاڵێ دیم جە بەین دوو بەیانەوە/ وەبانی بەیندا مەشنیانەوە "بیسارانی") . لەو شیعرەدا بێسارانی (مەمك) ی بە (بەی، بەهێ) شوبهاندووە. (لەدوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان/ بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان "نالی") . لێرەشدا نالی (مەمك) ی بە گوڵی سپی سێو شوبهاندووە. (کوا مەمکی پڕ چنگ ؟/ لیمۆی باخی سنگ؟" گۆران") . هەروەها گۆران بە لیمۆی شوبهاندووە. بۆیە ئەگەر بینووسیبا: (مەمکمان وەکو هەڵوژە وایە یا وەکو ئالووبالۆ وایە) ڕاستتر بوو.

هەندێك لەو وشانەی بەیەك (و) دەنووسرین و نووسەر کردوونی بە دوو (و)

"وونبووبوو، وونبوو، ووندەبێت، وونکرد، ووندەبێت" نزیکەی (٢٩) جاری بەکارهێناوە. وشەی (وون) بەم شێوە نووسینە مانای (خوێن) دەبەخشێت، بەڵام بە یەك (و) مانای (گوم، بزر، نادیار) دەبەخشێت.

"دەموویست، وویستمان، وویستی، وویستبوویان، نەمدەوویست، دەیوویست" نزیکەی (٣٥) جاری بەکارهێناوە.

"وورشەدار" نزیکەی (٩) جاری بەکارهێناوە.

"کووشت، کووشتیان، دەیانکووشتم"/ پێخاووس/ قاووش/ و چەندان وشەی تر.

بەکار هێنانی ڕاناوی لێکدەری (کە) بەهەڵە

ڕاناوی لێکدەری (کە) بۆ گرێدانی دوو ڕستە لە نووسیندا بەکار دەبرێ بۆ نمونە: - ١. مژدە لە نیهاد زیرەکترە. ٢. مژدە بە یەکەم دەرچوو. ئەگەر بمانەوێ ئەم دوو ڕستەیە پێکەوە گرێدەین پێویستمان بە ڕاناوی لێکدەری (کە) هەیە، ئەوجاش بەم شێوەیە پێکەوەیان گرێدەدەین:- مژدە، کە لەنیهاد زیرەکترە، بەیەکەم دەرچوو.

ئەو (کە) یانەش نووسەر بەکاریهێناون هەندێکیان هەڵەکەیان لەوەدایە لەبری (کاتێك) بەکاری هێناون و هەندێکیشیان شوێنەکانیان شوێنی خۆی نییە و زۆریشیان پێویست ناکات بنووسرێن.

**یەکەم: نمونەی ئەو (کە) یانەی زیادن**

* "**ئەوسا تێگەیشتم کەئەو تەنها...**" (م ت د، ل ١٤) .
* "**ئەو کات داپیرە دەزانێت کە کێیە...**" (م ت د، ل ١٨) .
* "**هەمان ئەو تانژیانە بوون کە سەرەی نانەواکانیان...**" (م ت د، ل ٢٢) .
* "**ئەو مندالە بیبیسیفرۆشەمان فێرکرد کە تاوانەکە وا رێکبخات و بیگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەو ڕاستییانەدا بگونجێت کە لایەنی کەم...**" (م ت د، ل ٦٤) .
* "**دەمزانی کە چیدیکە کەس ناتوانێت هەڵەیەك ڕاستبکاتەوە...**" (م ت د، ل ١٣٣) . ئەو (کە) یەی یەکەم، کە دوای (دەمزانی) هاتووە زیادە.
* "**ئەو رۆژش کە بە گوناهی جۆراوجۆر سی هەزار مندالیان...**" (م ت د، ل ١٠٣) .
* "**ئەوبوو کاتێ کە لە بەندیخانەکان دەگیراین**" (م ت د، ل ٣٠) .

دووەم : نمونەی ئەو (کە) یانەی بەهەڵە یان لەبری (کاتێك) دا بەکارهاتوون

* "**کە دوای چەند سەعاتێك لەوە لەماڵەوە جانتاکەم کردەوە**" (م ت د، ل ٤٤) . (دوای چەند سەعاتێك لەوە، کاتێك لەماڵەوە جانتاکەم کردەوە) . ڕاستترە.
* "**داپیرە کە لە دوای مردنەکەی دەرگای ئەو ژوورەمان کردەوە**" (م ت د، ل ٩٢) . (داپیرە، لەدوای مردنەکەی کاتێك دەرگای ئەو ژوورەمان کردەوە) . ڕاستترە.
* "**جاران کە لە حەمامەکەدا جامە ئاوە ساردەکانم دەکرد بە خۆما**" (م ت د، ل٩١) . (جاران لە حەمامەکەدا، کاتێك جامە ئاوە ساردەکانم بە خۆمدا دەکرد) . ڕاستترە.
* "**کە لەو ڕۆژەدا بینیمانەوە هەستمانکرد کە ساڵانی دوور و درێژی لە یەك دووریی**" (م ت د، ل ١٢٧) . (لەو ڕۆژەدا کاتێك بینیمانەوە هەستمان کرد ساڵانی دوورو درێژی و لە یەك دووری) . ڕاستترە.

وشەی بێگانە

مەسەلەی وشەی بێگانە لەناو هەر زمانێکی زیندووی ئەم گێتییەدا شتێکی زۆر ئاساییە. ئەگەر تەماشای زمانی تورکی و فارسی و عارەبی بکەین دەبینین چەندەها وشەگەلی یەکتری لە زمانەکەیاندا بەکار دەهێنن، بۆ نمونە : **ـ لەزمانی تورکیدا** وشەگەلی (تەمام Tamam، جمهوریەت Cumhuriyet، حەیات Hayat، قەلب Kalp) لە عارەبییەوە وەرگیراون وە وشەگەلی (مەهتاب Mehtap، چەشمە çeşme، خوروس Horuz) لە فارسییەوە وەرگیراون. وە وشەگەلی (گویل Gül، هۆش Hoş، کوێر Kör) لە کوردییەوە و وشەگەلی (لەنگەرگا Liman، کەڵلە Kafa، /Kefa"li) / Lima"ni) یۆنانییەوە وەرگیراون **لەزمانی فارسیشدا** وشەگەلی (کتاب، موافقت، عبارت، متهم) لە عارەبییەوە وەرگیراون، وە وشەگەلی (اسپ، ازاد، افرین، اسباب) >*١< لە کوردییەوە وەرگیراون) .

**لە زمانی عارەبیشدا** وشەگەلی (دین، ورد، مهرجان) >*٢< لە کوردییەوە وەرگیراون. وە وشەگەلی (سابون، فاسۆلیا، قوتی) لە یۆنانییەوە وەرگیراون. لەبەرئەوە زۆر ئاساییە بوونی وشەگەلی بێگانەش لەزمانی کوردیدا، بۆ نمونە: (باوجود، کە لە (با) ی فارسی بە مانای (لە گەڵ) و (وجود) ی عارەبییەوە وەرگیراوە، موعجیزە، دەفتەر، کفن) لە عارەبییەوە وەرگیراون. وشەگەلی (ژن، سنور و پوز) لە یۆنانییەوە وەرگیراون و زۆر وشەی تریش، کە لە ڕووسی و ئینگلیزی و تورکی و زمانەکانی ترەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی ئەمڕۆمان، ئەمەش نیشانەی دواکەوتوویی و هەژاری زمانی کوردی نییە، بەڵکو زۆریش ئاساییە بەمەرجێك ئەو وشەیەی دەکەوێتە ناو زمانی کوردی یا هەر زمانێکی ترەوە پێویستە مل بۆ دەستورەکانی ڕێزمانی ئەو زمانە کەچ بکات، ئەم مل کەچکردنەش وا دەکات ئەو وشەیە ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست بدات و شێوەی زمانی دووەم وەربگرێت وەك وشەی (سنور، کە ڕەسەنەکەی سینۆرا ssi"noraی یۆنانییە، بەڵام جیاوازییەکی تر لە زماندا هەیە ئەویش زمانی نووسین و زمانی بازاڕە، کە بەئەڵمانی پێی دەڵێن: (Die Umgangssprache) ، بۆیە دەڵێم: زمانی بازاڕ چونکە بە هۆی (دین) یا بازرگانی و هاتوچۆوە لەگەڵ گەلانی تردا زۆر وشە دەکەونە ناو زمانەوە و خەڵکەکەش بە ڕاوێژی دەم و شێوەی تایبەتی زمانەکەی خۆیان بەکاری دەهێنن. (بهار محمد تقی لە کتێبی "سبك شناسی") دا دەڵێ: >> (مزگت) کۆنترە لە (مسجد) و لە کتێبی فارسی کۆندا بینراوە، لە هەمانکاتدا دەڵێ: وشەکە وشەیەکی (سریانی) یەو بە هۆی مەسیحییەکانەوە لە پێش هاتنی ئیسلام دا لە زمانی (ئارامی) یەوە کەوتۆتە ناو زمانی فارسی. (مسجد) ی عارەبیش هەر لەو ڕیشەیەیە<<. (مامۆستا "حەسەنی قزلجی" یش دەڵێ: لە زمانی کوردیشدا لە پێش ئیسلامەوە (مزگت) هەیە و لە شیعری کۆنی هەورامیدا بینراوە. بەڵام زمانی نووسین،

www.kurdistannet.org

كه زمانی ئەدەبە خۆی لەو وشانە لادەدات و هەتا وشەی ڕەسەن هەبێت وشەی بێگانە بەکار ناهێنێت، ئەو کەسانەش وشەی بێگانە لە نووسیندا بەکاردەهێنن (بەمەرجێك بەرامبەریان وشەی ڕەسەن هەبێت) دوو هۆ هەیە.
١ :- یا بۆ شێواندنی زمانەکەیە. ٢ :- یا هۆی ناشارەزایی و لاوازییانە لە زمانەکەیاندا.
لێرەدا دەگەڕێینەوە لای ڕۆمانی ناوبراو و ئەو وشە بێگانانە دەخەینە پێش چاو، کە بەکار هێنراون.
* "لە چەلسەیەکی خالڵاری..." (م ت د، ل ١٠) . (لە دانیشتنێکی/ کۆبوونەوەیەکی) کوردییە.
* "داپیرە خەبەرمان دەکاتەوە" (م ت د، ل ١٢) . (بێدارمان دەکاتەوە/ بە ئاگامان دەهێنێتەوە) کوردییە.
* "ئەو بیبسییە خالیانەی..." (م ت د، ل ١٢) . (هلۆڵ / بەتاڵ) کوردییە.
* "ڕەجمیان بکەین " (م ت د، ل ١٤) . (بەردەباران/ کوچك باران/ کوردییە.
* "نمونەی بێعەیبی و تەواوترین جۆری مەخلوقاتن" (م ت د، ل ١٤) . (بێ خەوش/ بێ کەمایەسی) (مەردم کوردییە.
* "بە زەحمەت دەستمبرد و ئەو پەنجەرەی ..." (م ت د، ل ١٨) . (بە ئاستەم) کوردییە.
* "بە عەشرەتێکی مەیمون دەچوون" (م ت د، ل ١٩) . (خێڵ / هۆز) کوردییە.
* "لە عەسر و زەمانێکی ترەوە هاتوتەوە" (م ت د، ل ٣٠) . (چاخ/ چەرخ) کوردییە.
* "لە شتێکی عاجباتی ووردببێتەوە" (م ت د، ل ٣٧) . (سەیر/ سەمەرە) کوردییە.
* "زێڕ و مجەوهەراتەکانی خۆی قەڵاکێت" (م ت د، ل ٤٧) . (زێڕو زەنبەر/ خشڵ) کوردین.
* "هەمووتان بۆ ژێر تێلاکانی عەدالەت" (م ت د، ل ٦٠) . (داد) کوردییە.
* "ژاندارمێکی وورگ زلبوو" (م ت د، ل ٦١) . (داروغە/ قۆڵچی/ سەرباز) کوردین.
* "هاتبوو لە شیمال عەباو..." (م ت د، ل ٦٢) ، (باکوور) ، (چارشێو) کوردین.
* "ئێمەشیان تا ڕۆژی محاکەمەکە بەرەڵاکرد" (م ت د، ل ٦٣) . (دادگا) کوردییە.
* "لە ژێر درەختەکانی یانەی <حقوقین< دا" (م ت د، ل ٦٣) . (مافناس) کوردییە.
* "قژیان وەکو <**زیل الحیان**< لە..." (م ت د، ل **١٠٣**) . (کلکی ئەسپ) کوردییە.
* "بەوە دەچوو ئەو تەقویمی هەموو ڕۆژەکانی..." (م ت د، ل ١٠٩) . (ساڵنامە/ ساڵنوما/ ساڵ پێو/ ڕۆژژمێر) کوردین.
خالبەندی:
باسکردن لەنیشانەکانی خاڵبەندی خۆی بۆخۆی باسێکی دوورو درێژەو لەم دەرفەتە کەمەی ئێمەدا ناتوانین بەتێرو تەسەلی باسی لێوە بکەین، تەنها ئەوەندە نەبێت نیشانەکان و ئەرکەکانیان نەخەینە ڕوو. لەبەرئەوەی بەری ئاخاوتن لە توخمی کەرەستەکانی پێت لەدایك دەبن، بێژەی هەر پیتێکی لە زمانرا بترازێ و لە دەم جودا بێتەوە، ئەگەر مانایەکیش نەبەخشێ ڕوودانی (دەنگ) یێکی لێ دێتە کایەوە، ئائەم دەنگە بە پێی دەستوری نووسین نیشانەیەك داوا دەکا، ئەم نیشانەیەش پێی دەگوترێ - خالبەندی - *<٣<.
دەستورەکانی خاڵبەندی لە نووسینی ئەمڕۆدا ئەوەندە گرنگی پێنادرێت و بە چاوێکی کەم و بچوك تەماشا دەکرێت، بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کرد ئەو ووردەکارییانە زۆرجار دەبنە هۆی شێواندنی مانای وشە یا ڕستە.
دروستی خوێندنەوەو ڕەوانبێژی لای خوێنەر لەگوێرەی شێوازی ڕاست نووسی نووسەرەوە دێتە کایەوە، کەواتە خوێندنەوەی ڕەوان (ڕاست نووسین) بەرجەستەی دەکات. کێشەی خالبەندی لە (مەرگی تاقانەی دووەمدا) ئەوەندە زۆرە مرۆڤ ناکارێت بیەرژێتە سەریان؛ بۆیە من تەنها نیشانەکانی خالبەندی دەست نیشان دەکەم و ئەوی تریشی بۆ خوێنەران و ڕۆشنبیران بەجێدەهێڵم.
أ- نیشانەی ویرپولاً (،) کۆما:-
نیشانەی وێرگوڵ، نووسەر بۆ ئەوە بەکاری دەهێنێت، کە خوێنەر هەناسەیەك بدات و ئەوجا بەردەوام بێت لەخوێندنەوەدا بۆ نمونە:-
* خۆرتێن کورد، هۆزانێن وەلاتی تە/ ئەڤن ڕابوونە ژ شاخ و لاتێ تە" جگەر خوێن".
* لە ڕووی زەمینا نی یە وەکو تۆ/ قەومێکی دوودڵ، دیل و ڕەنجەڕۆ " بێکەس".
* لاوێ من، سەرێ میران وەك چیایێ بلند هەر ب مژو دومانە"مەمێ ئالان".
ب - ویرپولی خالدار (؛) : -
کۆمای خاڵدار وەکو کۆمای سادە ئەگەر لە ڕستەدا هەبوو، پێویستە خوێنەر تاوێ بۆی بوەستی، بەڵام شێوەو نزمی دەنگی لە خوێندنەوەدا دەگۆڕی بۆ نمونە:-



www.kurdistannet.org

* پایز هات؛ گەڵای درەختەكان سیس دەبن.
* ڕەنگ ڕەنگ پەپولە ئەفڕێ زەلاو زەل؛/ گا كناچەی پۆڕ، گا جریوەی مەل" گۆران".
پ - نیشانەی ڤرسیار (؟) : -
نیشانەی پرسیار بۆ هەر ڕستەیەك بەكاردەبرێ، كە مەبەستی پرسیار كردن بێت بۆ نمونە:- * بێینە سەر چاو: چاوێك. . بلێم چ چاوێك؟ / كانی سیحر، دەریا عیشوە، گێژداوێك "گۆران".
* ئەم سیرڕە چییە **میڤلۆ** سوها بێ، نەسوابی ؟! / دوورڕی كە وەكو دوورڕی سەما بێ، نەسمابێ؟! "نالی".
* ئەو كەسەی كە خوا قەدری داوە پێی/ كەس لێی پرسیوە كە تۆ كوڕی كێی؟ "پەندەكانی پیرەمێرد".
ت - نیشانەی سەرسورمان (!) : -
لەزمانی كوردیدا نیشانەی سەرسوڕمان سنورێكی فراوان و بەربلاوی لە بواری ئاخافتن و بە تایبەتی نووسیندا هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت نووسەر بە هوشیارییەوە تێبینی ئەو سەرنج و مەرجە سەرەكییانە بكات، كە یارمەتی دەربازبوونی دەدەن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گومان و كێشەی نیشانەی پرسیاردا (؟).
* هەموو خزمی خۆمن دەزانم دەڵێن:/ لە بێ حورمەتیمان بوو (حاجی) هەڵات! "حاجی قادری كۆیی".
* نەخڵ و ڕوممان پێكەوەن، یا باغەبان وەی كردووە:/ سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتوربەی كردووە! "نالی".
* بلبلیش بم مادام قەفەسم تەنگە، / زمانم لاڵ، نەغمەی شیعرم بێ دەنگە! "گۆران".
ج - نیشانەی خاڵ (.) : -
نیشانەی خاڵ دوای تەواو بوونی مەبەستی نووسەر لە ڕستەدا دادەنرێ، واتە لەكۆتایی ڕستەی تەواودا بۆ نمونە:-
* سەد ساڵ بكەیت بێگانە پەرستی، دوایی هەردێنیت نوشوستی "پەندی پێشینان".
* گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە، بەردیش لەجێگای خۆیا سەنگینە"پ. پیرەمێرد".
* لەختە دەرمەچۆ مەكەوە دەورە، دەست بەكڵاوی خۆتەوە بگرە"پ. پیرەمێرد".
چ - نیشانەی دوو خاڵ (:) :-
نیشانەی دوو خاڵ بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەكاردەهێنرین:-
١. لەكۆتایی ڕستەدا كە مەبەستی ڕونكردنەوەو نمونە هێنانەوە بگەیەنێ، وەكو:-
- میر گو: كو ڤەكەن ئەڤان غەزالان/ پابەند مەكەن ئەوان شەپالان "خانی".
٢. لە هەموو دەمەكانی فرماندا، كە ئاوەڵناو بەدوایدا هاتبێ، وەكو:-
- مەڵێن: بێ كارە بوو (حاجی) لە ڕۆما/ ئەمن پیاوم لە نێو شاری ژنانم "حاجی قادر".
٣. لە بواری لێك جوێ كردنەوە و دابەشكردن و شیكردنەوەدا بۆ دەرخستنی مەبەست و ئەنجام وەدیهێنان، وەكو: -
- ئەی خودا چیبكەم ؟ ئەجەل لەملاوە قەیدڕ جانییە/ دلبەریش ناردوویەتی: جان ماڵە نەیدا بەكەس "حاجی قادر".
٤. هەر نووسینێكی مەبەستی دابەشكردن و لێكدانەوەو دابڕین و كەرتكردن بگەیەنێ، وەكو:
- بۆ نموونە : .../ بەوێنە: .../ خاڵی یەكەم: .../ وەكو: .../ بەندی یەكەم: ....
ح - نیشانەی ڕستەخال یا كۆمەلە خال (...) : -
نیشانەی ڕستەخاڵ بەپێی دەستوری نووسین لەم شوێنانەی خوارەوەدا دێن:-
١. گواستنەوەی سەرچاوەیەك یا دەقێك، كە نووسەر ئاماژەی بۆ دەكات بەمەرجێك لە گواستنەوەی دەقەكەدا بە تەواو نەكراوەیی بیهێڵێتەوە، وەكو:-
- قاسد سبحەینێ هەلستا، دەركیان لێ كردەوە چووە كن خانی، كاغەزی دا بەخانی... "**تحفه مظفریه**".
٢. لە ڕستەدا كە دوێنەر بیرۆكەی بۆچوونی تەواو نەكردبێ، یان ئاخێوەر لە ئاكامی هەر هۆكارێكی مەبەستی قسەی پێ تەواو نەكا، یا هەر دۆخێكی سەرنج ڕابكێشێ لە توخم و ڕەگەزەكانی ئاخافتندا بێتە كایەوە، وەكو:-
- لەدرزی سوخمەی:/ بۆنی وەنەوشە، گوڵ، مێخەك، / عەتر، سمڵ... "گۆران".
خ - نیشانەی تەقەڵ (-) : -
١. نیشانەی تەقەڵ لە نێوان بنچینەكانی ڕستەی نیهاد و گوزارەدا بەمەرجێ ڕستەكە واتای تەواوی خۆی بەدەستەوە بدات، وەكو:-
- ڕەنجی جوتیار - بەرهەمی نانە.
٢. لە نووسیندا لە دارشتنی گفتوگۆی نێوان دوو، یان چەند كەسێكدا، وەكو:-

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23/09/02 01:05:05
- من گووت: ئەگەر ببی بەیارم خۆم لەسەر چاوانت بەکوشت دەدەم!.
- ووتی: کوڕان بەم قسانە هەموو جارێ کچان لە خشتە دەبەن.
٣. لە ڕستەی ڕاناوی نادیار لەباری لێك جوداکردنەوەی ڕستەی سەرەکی و لاوەکی پاشکۆ، وەکو:-
کاکڵی مەسەلەکەم پێ بلێن - فلان هات و فیسار ڕۆیی.
٤. لەو ڕستانەی کە مەبەستی خستنە سەروو لێ زیادکردنی پێویست بێ بەشێوەیەکی گونجاو دەگەڵ ناوەڕۆکدا تەباو واتای سەرنج ڕاکێشان و ناکاوی بگەیەنن، وەکو:-
- قرچۆك، دە دوو عانەی بدەرێ - ماڵم بەقوڕ نەگرتی، با بۆ خۆی بژی.
د - نیشانەی دوو کەوانە () : -
نیشانەی دوو کەوانە بۆ هەموو ناوێکی تایبەتی، کە کەسێك، شتێك، گیاندارێك یا بۆ شوێنێ کە ناوی تایبەتین بەکاردەبرێ، وەکو:-
* زەرڕێکی لە سیرپی دەمی تۆ- مردو- نەزانی/ حەیرانی کەمالاتی (فلاپون) و (ئەرەسپوم) "وەفایی".
* بەم (نەحو) یە (ێە رف) ی عیشقبازی/ موستەقبەلی کەمترە لە مازی "حاجی قادر"
* دەستی (سەرچاوان) بۆ سەرسنگ بردن/ (مۆرە) هەڵدان بوو (گێلە) هاوردن "گۆران".
ر - نیشانەی کەوانەی دووجایی >> << : -
نووسەر هەرسەرچاوەیەك یا دەقێکی وەرگیراو بۆ ناو نووسینەکەی بگوازێتەوەنیشانەی کەوانەی دووجایی دادەنێ بۆ ئەوەی دەقە وەرگیراوەکە لە نووسینەکەی خۆی جوێ بکاتەوە وەکو:-
- من هەموو جار دەمگووت: - لە هەر جێگەیەکدا خەوم هات دەخەوم وەك ماڵی خۆمان، بەلاّم (ڕەسوڵ هەمزاتۆف) دژی ئەم بیرەی منە و دەڵێ: >> لە هیچ شوێنێك سەرم وەکو سەر بالیفی خۆم ناحەسێتەوە<<.
هەروەها دەڵێ: >>نووستنی سەر بەردی خۆت لە نووستنی سەر بالیفی بێگانان شیرینترە<<" (داغستانی من، کتێبی دووەم ڕەسوڵ هەمزاتۆف، وەرگێڕانی عەزیز گەردی.
ز - نیشانەی ئەستێرە (*) : -
نیشانەی ئەستێرە، لەهەر نووسین و دەق و وتارێکدا بێت، بۆ ئەوەیە سەرنجی خوێنەر بۆ پەراوێزەکان ڕابکێشێ، واتە ئەو دەق و سەرچاوانەی وەرگیراون، یان بۆ مەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەو زانیاری پێدان لە سەر ناو یا شوێنێك، کە لە ڕستەدا دێت، وەکو: -
- ئەی گەورە کچی (زەووس) ! / **خوشکە جوانەکەی (ڤینووس) !** "گۆران".
* زەووس: خوای خواکانی کۆنی یۆنانە/ * ڤینۆس: (ئافرۆدێت) خوای جوانی یە.
- ساڵی (٨٥٣ پ ز) (کەیقوباد) ی کورد، کە یۆنانییەکان (ئارباس) ی پێدەڵێن فەرمانڕەوایی گرتە دەست و سەر لە نوێ دەوڵەتی مادی زیندوو کردەوە. *
* مێژووی کوردو کوردستان، شێخ موحەمەدی مەردۆخی، وەرگێڕانی عەبدولکەریم موحەمەد.
پێش ئەوەی بێمە کۆتایی باسەکەم، حەزدەکەم ئەوەش بلێم: هەڵەی زمانەوانی (مەرگی تاقانەی دووەم) هەر ئەمەندە نییە، کە من لێرەدا ئاماژەم بۆ کردن، بەڵکو دەیان هەڵەی تری لە ڕوی دارشتنی ڕستەو بەکارهێنانی وشەو ڕاست نووسین و خالّبەندییەوە تێدایە، کە جێگەو کاتێکی زۆرتری دەویست و بۆ خوێنەرانی بەجێدەهێلّم.
ئەم چەند لاپەڕەش تەنها بە مەبەستی خزمەت کردنی زمانی کوردی نووسیومە. هیوادارم ئەوانەی لە بواری ئەدەبدا کاردەکەن پێش هەموویان (کاك بەختیار عەلی) سود لەم نووسینە وەربگرن بۆ بەرهەمەکانی داهاتوویان.
ڤەراویزەکان
*١. وشەگەلی (اسب، ازاد، افرین، اسیاب) لە وشەگەلی (ئەسپە، ئافەرینە) ی ئاوێستا و (ئازات، ئاسیاو) ی پەهلەوییەوە وەرگیراون.
*٢. وشەگەلی (دین، ورد، مهرجان) لە وشەگەلی (دن، ورد، میهرگان) ی پەهلەوییەوە هاتوون. وە لە ئاڤێستاشدا وشەی (دین) بە (دئنا) ناوبراوە.
*٣. کێشەی نیشانەکانی خالّبەندی و دەستووروو بناوانی چارەسەرکردنی، خوێندکاری کورد، ژمارە، ٢٤، ٢٥، ئەکرەم خامۆش.
سەرچاوەکان
١. د. ئەورەحمانی حاجی مارف، *ڕێزمانی کوردی*، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) ١٩٧٩ بەغدا.
٢. جەمال نەبەز. *زمانی یەکگرتووی کوردی*، بامبێرگ ١٩٧٦، .
٣. حەسەنی قزلجی، گۆرانی پیتەکان بەیەکتر، *گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد*، بەرگی شەشەم، بەغدا ١٩٧٨.

٤. *ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بە پێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی <زمان و زانستەکانی>*، سەرچاوەی پێشوو بەرگی چوارەم ١٩٧٦.
٤. هەنبانە بۆرینە، تاران ١٩٩١، هەژار.
٥. ئەکرەم خامۆش. کێشەی نیشانەکانی خاڵبەندی و دەستووورو بناوانی چارەسەرکردنی، *گۆڤاری خوێندکاری کورد*، ژمارە ـ ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، بەرلین.
٦. بهار محمد تقی. *سبك شناسی*، چاپ ششم، تهران، .

١٩٩٩ بەرلین

www.kurdistannet.org